# کۆمەڵگای شەفاف و مردنی تایبەتمەندییەکان*

**دوای ئەوەی ئامێرەکانی وێنەگرتن، چاودێری نشینگە و هاتوچۆی مرۆڤەکانن، ئایا تایبەتمەندی لە هیچ هەواڵێکدا ماوە؟ یا ئایندە لە گرەوی ئەوە دایە کە ( براگەورە) تاکوێ ڕێگەی ئازادی جموجوڵی مرۆڤەکان دەدات؟**

د. ئەحمەد ئەبو زەید
و: تاهیر عوسمان

ئێستا حاڵەتێکی تۆقان و دڵەڕاوکێ باڵی بەسەر زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا کێشاوە بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا، لە ترسی ئەوەی نەبادا هێرشێکی تیرۆریستی تریان بکرێتە سەر وەکو ئەوەی لە ١١ ئەیلولی ٢٠٠١دا ڕوویداو چەند هەزار مەدەنییەکی بێ تاوان بوونە قوربانی. ئەو وڵاتانە ناچاربوون چەند ڕێ و شوێنێکی توندوتۆڵ بگرنەبەر کە زۆرجار دەکەوێتە خانەی پێشێل کردنی ئازادیە کەسیەکان، ئەویش بە پشت بەستن بەچەندین جۆرە ئامێری ئەلیکترۆنی کە توانایەکی بەرزیان لە چاودێری کردن و بەدواداچوونی جموجۆڵ و پەیوەندی کردنی کەسەکان و کۆمەڵەکان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی گومانیان لێ دەکرێ. بێگومان ئەو ڕێ و شوێنانە ڕەوان و هیچ جۆرە تێبینییەکیان لەسەر نییە. بەڵام مەسەلەکە لە زیان گەیاندن بەکەسانێکی تر بەدوور نییە جگەلەو کەسانەی بەهۆی ئەو ئامێرە چاودێرانە، هاتووچۆ و ڕەفتارو پەیوەندییەکانیان تۆمار دەکرێ، بەتایبەتی ئەگەر لە شوێنێ بوون گومانی چەند کەسێکی گومڕای لێبکرێ، یا لەوکاتەدا بێ کە ئامێرەکان لە کارکردندابن بۆ چاودێری ئەو شوێنە گشتی و دامەزراوە گەورانەی ئەگەری هێرشی تیرۆریستیان لەسەرە. لە ڕاستیشدا پەنابردنە بەر

ئامێرو شێوازی تازەی وەکو کامێرای ڤیدیۆو بازنە تەلەفزیۆنییە داخراوەکان لە چاودێری کردنی خەڵکە ئاساییەکەو کارمەندانی دامودەزگا گرینگەکان وەك بانك و دامەزراوە بازرگانییەکان مەسەلەیەکی کۆن و باوە، بەڵام زۆر پەنابردنە بەر ئەو شێوازانەو تەشەنەکردنیان بە پەلەو ترسناك بەڕادەیەکی ئەوتۆ چاودێری کردن لە ئەمەریکاو بەریتانیا بۆتە دیاردەیەکی گشتی، ئەمەش بۆتە مایەی ترسێکی زۆر بۆ توێژەرانی بیانی. چونکە ئەو چاودێرییە توندەی کە هاووڵاتیان لە هەموو کات و شوێنێك دووچاری بوونە ئەوە دەگەیەنێ کە لە ئایندەدا کۆمەڵگایەك دروست دەبێ لەوێدا نەك هەر دامودەزگا رەسمییەکان بەڵکو خەڵکە ئاساییەکەش چاودێری یەکتری دەکەن و ئەو زانیارییانەی لەو بوارەشدا دەستییان دەکەوێ بۆ مەبەستی نارەوا بەکاری دەهێنن. سەرباری ئەوەی کە هەر تەنها چاودێری و بەدواداچوون و تۆمارکردن جۆرێکە لە پێشێل کردنی تایبەتمەندییەتی کەسیەتی و یەکێکە لەو مافە هەرە گرینگ و رەوایانەی بوار بەتاك دەدا ئازادی ئەوەی هەبێ هەندێك لە لایەنی شاراوە و تایبەتییەکانی ژیانی خۆی و پەیوەندییەکانی هەر بۆ خۆی بێت و لای خۆی بمێنێتەوەو نەکەوێتە دەست خەڵکی تر.

## پوکانەوەی دیموکراسی

زێدەڕۆیی لە تەشەنەکردنی ئەو شێوازە ئەلیکترۆنیانەو لە رادەبەدەر متمانە پێکردنییان لەمەڕ چاودێری و تۆمارکردنی هاتووچۆی هاووڵاتیان، مەترسی ئەوەی لێدەکرێ ببێتە سەرەتایەك بۆ ون بوونی خودی بنەماکانی ژیانی دیموکراتی.

زۆر حاڵەتیش هەیە بۆ خراپ بەکارهێنانی ئەو شێوازانە لەلایەن دەستەڵاتی رەسمییەوە یا هەندێك لەو کارمەندانەی بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراوو دوور لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ رێگەگرتن لە تاوان و راوەدوونانی تاوانباران و گومان لێکراوان بەکاری دەهێنن. لەو حاڵەتەشدا پیاوانی ئاسایش خۆیان بەچاودێری کردنی کەسایەتییە ناسراوەکان هەڵدەستن و پەیوەندی دۆستانەیان تۆمار دەکەن تا بەمەبەستی تورە یا لەکەدارکردنی ناوو سوکایەتی پێکردنی بەکاری بێنن، ئەگەر هاتوو گوێرایەڵی پرۆسەی بەردەوامی ملکەچ کردن و گوێڕایەڵی داواکاری لێپرسراوان نەبوون. حکومەتی وڵاتە دیموکراتییە گەورەکانیش پەنا دەبەنە بەر هەمان شێواز لە چاودێریکردنی رێکخراوو کۆمەڵە بەرهەڵستکارەکانی سیاسەتی ئەو حکومەتانە، بەتایبەتی کاتێك ئەو رێکخراوو کۆمەڵانە بەشداری رێپێوان و خۆپیشاندانیان دەکرد دژی سیاسەتی دەوڵەت، پاشان ئەو زانیاریانە وەدەست دەهێنران بۆ بە دواداچوونی بەرهەڵستکاران و دەسگیرکردنیان بە کاردەهێنرا.هەروەك لە چەند بۆنەدا لە(ئەمەریکا) روویداوە، لەو رێپێوان و خۆپێشاندانەوە کە دژی جەنگی ڤێتنام سازدەکرا بگرە تا ئەو رێپێوانە تازانەی لەلایەن نەیارانی عەولەمەوە ساز دەکرێن. یا وەك ئەوەی لە بەریتانیا روو دەدا، کە دەزگاکانی ئاسایش جەخت لەسەر چاودێریکردن و بەدواداچوونی هەڵسوکەوت و هاتووچۆو کۆبوونەوەی دانیشتوانە رەش پێست و رەنگاورەنگەکان دەکەن بێ ئەوەی سپی پێستەکان بگرێتەوە. هەروەها بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە بۆ کاتی پێویست تا تۆمەتیان بخەنە پاڵ.

شتێکی ئاسایی بوو ئەو ئامێرانەو لەبەر چوستی کارکردن، هەرزانی و کەمی نرخەکانیان بکەونە بەر دەستی خەڵکی ئاسایی و بۆ زۆر مەبەستی تر بەکاربهێنرێن کە دووربێ لە مەبەستە رەسمییە بنەڕەتییەکەی کە ریکخستنی کۆمەڵایەتییە. وای لێهات پتر بۆ خۆ پەنادان و هەست راگرتن و سیخوڕی تایبەتی لەسەرکەسانی تر بەکاربهێنرێن، زۆرجاریش تەنها بۆ دۆزینەوەی نهێنی خەڵکی تر، یا بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکان و چاودێری و بەدواداچوونی رەگەزەکەی تر، دەخرانەگەڕ. هەندێك لەو توێژینەوانەی بەم دواییانە لە بەریتانیا ئەنجام دراون سەلماندوویانە، لە دە ئافرەت یەکێکیان لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە کەوتۆتە ژێر چاودێری کامیراو ئامێری خۆماتدان، کە هیچ مەبەستێکیان نییە تەنها رابواردن و چێژ وەرگرتن نەبێ لەو جۆرە کارانەو کات بەسەربردنێکی بێ هودە. هەر لەم دواییەش لە دەنگوباسەکاندا هەواڵێك لە بارەی چەند کەسێکی لاسارو نەخۆش لەڕووی سێکسییەوە بڵاوکرایەوە کە بە مۆبایل وێنەی ئەو منداڵانەیان گرتووە کە بەرووتی مەلەیان کردووە، تا ئارەزووە نائاساییەکانی خۆیانی پێ دامرکێننەوە. یا بۆ چەند مەبەستێکی ناپاکی تر بەکاری بهێنن. بۆیە پێویستە وڵاتانی رۆژئاوا لە مەترسی ئەوکارە ئاگادار بن بەکارهێنانی ئەو جۆرە ئامێرانەش قەدەغە بکەن. مەترسی بارودۆخەکەش لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوامی ئەو پیشەسازییە ئەلێکترۆنییە وردانە ئاڵۆزتر دەبێ کە بۆ چاودێری کردن و سیخوڕی بەکاردەهێنرێن.

## شەفافیەت یا سیخوڕی؟

ئێستا هەریەك لە ئەمەریکاو بەریتانیا بوونەتە دوو کۆمەڵگا کە بەڕاستی بە هەموو ماناکانییەوە لەسەر چاودێری دامەزراون، ئەویش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لەمجۆرە پیشەسازییە ئەلیکترۆنیانەدا هاتۆتە دی و لە ژێر پەردەی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دابینکردنی زۆرترین رادەی شەفافیەت ئەنجام دەدرێ. دەوڵەتە گەورەکانی رۆژئاواش هەوڵ دەدەن بەناوی - شەفافیەت - شەرعیەتێك بەو پرۆسە سیخوڕیانەی چاودێری بدەن، کە پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤە کەدەیەوێ خەسڵەتەکانی بەتایبەت بەخۆی بپارێزێ، بۆ ئەم مەبەستەش کار بۆ داڕشتنی چەند یاسایەکی تازە دەکەن تا پاساو بۆ ئەو ئاڕاستەیە بهێننەوە کەپتر دەستێوەردانە لە کاروباری ژیان تایبەتی کەسەکان و چاودێریکردنی روو لە زیاد بوونە بە سوود وەرگرتن لەو پێشکەوتنە گەورەو خێراو یەك لە دوای یەکانەی لە ئامێرە بەکارهێنراوەکانی پرۆسەکانی سیخوڕە بەدی هاتوون، تا زۆرترین رێژەی زانار و داتاکان لە بارەی هاوولاتیان کۆبکەنەوەو سەنتەرێك بۆ ئەو زانیاری و داتایانە دابمەزرێنن و لەکاتی پێویستیشدا خراپ بەکاری بێنن و بۆی بگەڕێنەوە. بەلام لەبری ئەوەی خۆی بە(کۆمەڵگای چاودێریکردن) ناوببات، خۆی لە پەنای ناوێکی سەرنج راکێشترو بێگوناهتر دەشارێتەوە کە (کۆمەڵگای شەفافیەت)ە.

لە راستیدا سەدەی ئێستا (سەدەی بیست و یەك) رۆژ لە دوای رۆژ دەرکەوتنی ئامێری تری چاودێری، وێنەگرتن و تۆمارکردنی ورد، بە خۆیەوە دەبینێ، کە گەلێك وردکارن و لەبەر بچووکی قەبارەکەیان

ئەستەمە بدۆزرێنەوە، ئەوەش لە دواییدا لـە خزمـەتی هەرەس پێ هێنانی هەموو ئەو بەهایانـەوە دەبـێ کـە تایبــەتن بەمرۆڤەکــەو ئازادییــە کەســییەکانیەوە و یارمەتی ئاشکراکردن و روخاندنی بینای ئەو نهێنیانـە دەدا کە کەس نایەوێ خەڵکی تر لە بارەیـەوە بیزانـێ، چونکە دەتوانێ بـچێتە ژووری نووسـتن و رارەوەکـانی پێشوازیکردن، بەبێ ئەوەی خەڵکەکە بەوە بزانن کـەوا ئامێرەکــان چــاودێری ژیــانی تایبــەتیان دەکــەن و وێنەکانی دەگوازنەوە بۆ ناو خەڵك. بۆ روونکردنـەوەی مەترسی ئەم بارودۆخەش دەکرێ ئاماژە بەیەکێك لـەو کێـشانە بکـەین کـە خراوەتـە بـەردەم دادگاکـانی ئەمـــەریکا، ئـــەویش پەیوەســـتە بەبـــەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای - وێنـەگرتنی گـەرمایی- بـۆ چـاودێری کردنــی مــاڵی کەسـێك کـەتاوانبارە بـە چـاندنی ـ ماریجوانا۔ لـە ماڵەکـەی خۆیـدا. پـۆلیس ئـامێری - وێنــەگرتنی گــەرماییان - لــە دەرەوە بــەدیواری ماڵەکەوە لکاندووە، ئامێرەکەش لە رێگای وێنەگرتنی ئــەو گەرماییــەی کــە لــە دیوارەکــەوە گەڕاوەتــەوە وێنەیەکی تەواوی ئەو شتانەی نیشان داوە کە لـە نـاو ماڵەکـەدا روویـداوە، و دانیــشتوانی نـاو خانووەکـە بەتۆمـەتی چـاندنی رووەکەکـە دەسـتگیرکران. بـەڵام گرفتەکە لێرەدا سەر هەڵدەداو دادگـا لـە شـەرعیەتی ئەمجۆرە کارانـە دەروانـێ کـە پـۆلیس بـەبێ مۆڵـەت وەرگرتن لەلایەنە یاساییەکان و بەبێ ئاگاداری خەڵکی ماڵەکە ئەو ئامێرانەی داناوە، ئەمەش بە پێـچەوانەی بڕگەکانی یاسایە. تەنها بیرکردنەوەش لە بـەکارهێنانی کۆمپیوتەرێك لە کـاتی ئێـستادا بـۆ عـەمبارکردن و پاراســتنی داتاکــان و دامەزرانــدنی ســەنتەرێکی زانیارییەکان سەبارەت بـە هەرشـتێك یـا لەبـەر هـەر مرۆڤێك، ئەو مەسەلانە بیردەخاتەوە کە رۆماننووسـی بەریتانی (جۆرج ئۆروێل) لـە رۆمانـە بەناوبانگەکـەی بەناوی (١٩٨٤) باسی کردووە رۆمانەکە لە بارەی (برا گەورە)وە دەڵـێ بـەکارهێنانی ئـامێرێکی بیروکراتـی مەزن لەلایەن دەوڵەتەوە کە نووسەر لـە رۆمانەگەتـدا بە (پۆلیسی بیرکردنەوە) نـاوی دەبـات، ئـەو ئـامێرە بەدرێژایی کات و بەبـەردەوامی وێنـەی (بـرا گـەورە) نیشان دەدا، تا چاودێری خەڵك بکـا و زۆر بـەوردی و بەئاگاییەوە چاودێری ژیانی رۆژانەیان بکات. هـەر لـە ساڵانی حەفتاکانیشەوە زۆر لە هزرڤانان و نووسـەرانی شـەیدای کۆمپیوتـەرو بەکارهێنانـەکانی لـە ژیـانی رۆژانەدا هۆشداری ئەوەیان داوە و ئامـاژە بەمەترسـی ئەو رۆڵە دەکەن کـە ئـامێرە ئەلیکترۆنییـە وردەکـارە تازەکـــان لەمـــەڕ ســـیخوڕی کـــردن لەســـەر تایبەتمەندییەکانی خەڵك و کۆکردنـەوەی زانیـاری لـە بارەیانەوە دەیگێـڕن و ئـەو داتایانـە هـەڵگرن تـا بـۆ پێکانی چەند ئامانجێکی رەواو ناڕەوا بەکاریان بێـنن، ئەو مەترسییەش بە تێپەڕبوونی کات پەرە دەسـتێنێ، پێـشکەوتنی تـەکنۆلۆژیای زانیارییـەکانیش ئێـستا یارمەتی دەوڵەتی داوە چیتر ئـامێرێکی قەبـەی وەکـو (پۆلیـسی بیرکردنـەوە) بەکارنـەهێنێ تـا چـاودێری رەفتـاری خـەڵك بکـاو لـە دوورەوە بیروباوەڕەکانیـان بخوێنێتـەوە. چـونکە پێـشکەوتنەکانی تـەکنۆلۆژیا تێکـرای ئـەو بۆچـوون و پێـشینانەی تێپەڕانـد کـە (ئۆروێل) رۆژێك لـەرۆژان بـیری لێـدەکردەوە. لەگـەڵ ئەگـەری داکردنـی ئـەو وەزیفانـەی کـە زەنگـی ئەنجامدانیان لێدەدا. بـەڵام بەشـێوەیەکی وا بـەرزو ورد کـە هـەرگیز پێـشتر بەخەیاڵـدا نـەدەهات، سـەرباری ئەوەی کە بەکارهێنانی ئەو ئامرازو ئامێرو تەکنیکانە

زۆر لە بەکارهێنانە رەسمییەکەی سەر ئاستی دەوڵەتی تێپەڕاندووەو خەریکە ببێتە دیاردەیەکی گشتی و کاریگەر.

### چاودێریکردنی شتە ئاساییەکان

هەروەك نووسەرو رۆمانووسی ئەمەریکی - دیڤید برین- لە کتێبیدا بەناونیشانی (کۆمەڵگای شەفافیەت) باسی لێوەکردووە، ئێمە ئێستا لە ئایندەدا دەژین ئەوەی هەندێك کەسیش پێشنیاریان دەکرد ئاینده بێت ئەوەبوو بەواقیعێکی بەرجەستەو بەرچاو، بۆ نموونە لە بەریتانیا ئێستا لە زۆربەی شارەکان ژمارەیەکی زۆر کامێرای ڤیدیۆ داندراون کە چاودێری هەموو خاڵ و بنکەیەکی گرینگ دەکەن و وێنەکان راستەوخۆ بۆ سەنتەرەکانی سەرکردایەتی پۆلیس دەگوازنەوە، لەوانەشە ئەمە بووبێتە هۆی دابەزینی رێژەی تاوان لە هەندێك لەو شوێنانەی لەژێر چاودێریدان، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە نزیکەی نیو ملیۆن لەو ئامێرو کامیرانە لەسەرتاپای (میرنشینی یەکگرتوو) وێنەو هاتووچۆی خەڵکە سادەکە بەدرێژایی (٢٤) کاتژمێری رۆژانە بۆ نزیکەی (٢٠) خاڵی پۆلیس دەگوازنەوە ئەو پرسیارەی کە (برین) و کەسانی تریش لە ئاست تەشەنەکردنی ترسناکی ئامێرو هۆکارەکانی چاودێری ئەلیکترۆنی جیاجیا دەیخەنەروو ئەوەیە دەبێ چی رووبدات ئەگەر ئەو داتاو زانیاریانە بە هەڵە بەکارهێنران؟ کێرڤی بەکارهێنانی ئەو شێوازو ئامرازانەش لە ئەمەریکا لە دوای رووداوەکانی سێپتەمبەر رووی لە زیادبوون کرد ئەگەر ئەو رێ و شوێنانەش جاران و بەر لە رووداوەکە بەکارهێنرابن و زیاتر لە (١٠٠) شار کە کۆتایی (١٩٩٦) لە ژێر چاودێری کامیراکاندا بوون، ئەوەی مایەی لەسەر وەستانیش بێت، ئێستا لە بەریتانیا زیاتر لە ملیۆنێك کەس بە هەموو شێوەکانییەوە و لە هەموو بوارەکاندا لە (پیشەسازی چاودێری کردن)دا کار دەکەن. هەرچەندە چاودێری کردن لە رابردوودا تەنها خۆی لە بەدواداچوونی چەند کەس و کۆمەڵەیەکی دەسنیشان کراودا دەنواند، ئەویش بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو بەڵام چاودێریکردن ئێستا بە پێی دیسپلین ئەنجام دەدرێ، هەروەك (سایمۆن دیفیز)ی بەڕێوەبەری دەزگای تایبەتمەندی نێو دەوڵەتی و مامۆستا لە قوتابخانەی لەندەن بۆ ئابووری، لە وتارێکیدا بەناونیشانی (Private Virtue) ئاماژەی پێکردووە کە لە ٧/٩/٢٠٠٢ لە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بڵاوکراوەتەوەو تیایدا دەڵێ- پرۆسەکە لەم دواییەدا بەشێوەیەکی ترسناك تەشەنەی کردووەو ئێستا لە یەك کاتدا ملیۆنەها کەسی لە ژێر کۆنترۆڵ دایە، پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان یارمەتی ئەو چاودێرییە بەکۆمەڵ و خێرایەشی داوە کە توانای دەست درێژی کردنە سەر تایبەتمەندی خەڵکی، پتر دەکا. دیفیز روونی کردۆتەوە کەوا مەترسی راستەقینە لەتوانای ئەو ئامێرو ئامرازانەدایە بۆ برینی هەموو سنوورێکی جوگرافی و پێشێل کردنی گشت یاساکانی پاراستنی بەها ئەدەبی و ئەخلاقییەکان. ئەویش بە وەرگرتنی زانیارییەکان بە ئاسانی و بەبێ هیچ سانسۆرێك هەروەك لە حاڵەتی ئەنتەرنێتدا هەیە. هەروەها زۆر بە سانایی شێوازە جیاجیاکانی کۆکردنەوەی زانیاری هاوئاهەنگ دەکرێن و ئەو زانیاریانە زۆر بەخێراییئاڵوگۆڕ دەکرێن. ئەمەش واتە ئەگەری بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لەسەر

ئاستێکی زۆر فراوانداو بوار رەخساندن بۆ بەکارهێنانی و بەردەست خستنی بۆ مەبەستە جیاجیاکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەماکان و یاسا ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بەتایبەتمەندییەکانی تاك. هەندێك لە هەواڵەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن: دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا، بە چەند گۆڕانکارییەکی کەم، مانگە دەستکردەکانیش بۆ چاودێری کردنی تاك تاکی کۆمەڵ بەکار بهێنرێن، بەڕادەیەك کە سەرۆك پرۆژەو بەڕێوەبەرەکان بوانن چاودێری ئەو کرێکارو کارمەندانە بکەن کە لە ژێر دەست و فەرمانی ئەواندا کاردەکەن، ئەویش بە لکاندنی پوولەکەی موگناتیسی وا بچووك و نادیار کە هیچ کەس هەستی پێ نەکات، ئەو پوولەکەیە بە هەندێك کەل و پەلەکانیانەوە دونووسێنرێ وەك کارتی مۆڵەت لێخورینی ئۆتۆمبیل، ئەو پولەکەیە هەموو چالاکی و هاتوچۆی خۆیان و دەورو بوریان تۆمار دەکا و دەیگەیەنێتە مانگە دەست کردەکان. تەنانەت هەندێك دەزگاو دامەزاو هەن چاودێری بایەخدانی بینەران دەکەن بەبەرنامەی جیاجیای تەلەفزیۆنەکان، پاشان ئەو زانیارییانە کۆ و شی دەکەنەوە و بۆ فرۆشتنی بەرهەم و کالاکانیان سوودیان لێ وەردەگرن، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئارەزوو بایەخ پێدانی خەڵکیدا بگونجێ... دەزگای تایبەتمەندییەکان - لە ئەمەریکا ئاشکرای کردووە کە هەندێك کۆمپانیای پەخشی تەلەفزیۆنی، ئارەزوو داخوازییەکانی بینەران بە شێوەیەکی نهێنی تۆمار دەکەن و پاشان ئەو زانیاریانە بەمەبەستی سوود لێ وەرگرتن بۆ فرۆشتنەوە و پروپاگەندەکردن بۆ بەرهەمەکانیان، دەفرۆشنە دامەزراوە بازرگانییە گەورەکان پاشان پەیوەندی بەخەڵکییەوە دەکەن لە

ماڵەکانیانەوە تا بەرهەمەکانیان پیشان بدەن و پێیان بفرۆشن. ئەم مەسەلەیە بۆتە مایەی بێزاری خەڵکێکی زۆر، چونکە پەیوەستە بەئاشکراکردنی بەشێك لەلایەنەکانی ژیانیان و حەزو خواستە تایبەتییەکانیان، ئەگەر ئەمەش ئەمری واقیع بێ ئەوە کارەکە لە داهاتوودا خراپترو ئاڵۆزتر دەبێ. بەهۆی ئەو پێشکەوتنە سەیرەی لە بوارە تەکنۆلۆژیای ئەلیکترۆنی و ئامێرەکانی وێنەگرتن و لە دوورەوە دەنگ تۆمارکردن، هاتۆتە کایەوە، بەدوورنازانرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا چاودێری کردن بگاتە ئەو رادەیەی کامیرای زۆر بەتوانای وێنەگرتن بتوانێ لە دووری سەدان مەترەوە لاپەڕەیەك بخوێنێتەوە کە بەدەست نووسرابێ و زۆر بەوردی و سەرکەوتوویی وێنەی بگرێ. یاخود سەرو روخساری مرۆڤەکان لەو مەودایە بەروونی پیشان بدا هەروەك ئێستا لەسەر ئاستێکی کەم لە فرۆکەخانەو دامەزراوە بازرگانییە گەورەکان کاری پێ دەکرێ. گشت ئەمانەش نموونەن لەسەر پێشێلکردنی گشت ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە مافە تایبەتییەکانی تاك، هەرچەندە ئەو تایبەتمەندییانە لە کۆمەڵگاکانی پاشەڕۆژدا. بەرەو لەناوچوون و نەمان دەچن!!

### پێشێلکاری تایبەتمەندییەکان

ئەوەی لە مەسەلەکەدا سەیرە ئەوەیە: ژمارەیەکی زۆری خەڵك تەنانەت هەندێك لە رۆشنبیران و نووسەرانیش لە رۆژئاوا ئەو بایەخە بە مەسەلەکە نادەن کە شایانیەتی، بەو بیانووەی کە مادامەکێ کرداریکی ئەوتۆ و بەدەر لە یاسانییە هەڕەشە لە ئاسایشی کۆمەڵگا بکات، بۆیە پێویست ناکات هیچ

نیگەرانییەکان لە بەرامبەر پرۆسەکان چاودێری و خۆمات دان و تۆمارکردن هەبێ، چونکە (برا گەورە) ناتوانێ هیچ زیانێکمان پێ بگەیەنێ. بۆیە باشتر وایە دەستبەرداری تایبەتمەندییەکان بین و کۆمەڵگایەکی (شەفافیەت) دابمەزرێنن. دووریش نییە ئەوانە ئەو مەترسییەیان لەبیر نەبێ کە ئەو زانیارییانە دەگەنە لایەنێکی نا مەسئول و بەشێوەیەکی خراپ بەکاردەهێنرێن، پاشان هەموو کەسێك مافی سروشتی خۆیەتی نهێنییە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی بپارێزێ، نەبادا بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ و هەڕەشەو تانە لێدانی خەڵکانی تر. هەروەها ئەو نووسەرانە (هەستی خەڵکی تر فەرامۆش دەکەن بەوەی کە خراونەتە ژێر چاودێری و سۆراغ کردنێکی بەردەوام، چونکە ئەو حاڵەتە ناچاریان دەکا لە رەفتاری رۆژان و ئاسایی خۆیان بپارێزین و سنوورێك بۆ هاتووچۆو پەیوەندییەکانی خۆیان دابنێن نەوەك گوفتارو هەڵسوکەوتەکانیان خراپ لێك بدرێتەوەو دووچاری لێپرسینەوەو تەنگ پێ هەڵچنین بن). چونکە پێشێل کردنی مافی تایبەتی، لە دەست دانی زۆر مافی تر و پاشان هەستی نامۆبوونی لەناو کۆمەڵگادا بەدوادایێت. بۆیە بزاڤێکی دژ بە دامەزراندنی (کۆمەڵگای شەفافیەت کە پێشێلکردنی مافە تایبەتییەکان تیادا رەوایە)بەرپا دەبێ. خوازیارانی ئەو بزاڤە داوا دەکەن مافی تایبەتمەندی بەپێی دەقێك لە دەستووری دەوڵەتاندا بپارێزرێ و ئەو سنوورە دەست نیشان بکرێ کە دەکرێ ئاشکرا بکرێ و ئەوەی کە نابێ پەی پێ ببرێ و خەڵك پێی بزانێ، هەروەها پرۆسەکانی پشکنینی مێشکی خەڵك لە رێگای ئەلیکترۆنیات پێشکەوتوو بەتەواوی قەدەغە بکرێ. ململانێی توندی نێوان لایەنگرانی هەردوو لایەن بەتوندی بەردەوامەو لە سنووری کۆکردنەوەی زانیارییەکان تێپەڕیوە بەرەو ئارەزووی تاکرەوی کردن لەسەپاندنی دەستەڵات بەسەرکەسانی تردا، هەروەك هزرڤانی فەرەنسی (میشێل فۆکۆ) ئاماژەی پێکردووە (مەعریفە خۆی لی خۆیدا هێزێکە). ململانێیش لە نێوان مافی پاراستنی تایبەتمەند و داواکردنی شەفافیەتی هەروەك لە واقیعدا دەردەکەوێ ململانێیەکە لەسەر هێز،لە هەر هەڵویستێکدا بۆچوونی هەردوولا تا ئاستی پێکدادان ناکۆکن. پارێزگاری تایبەتمەندییەکانیش یەکێك لەو داوا سەرەکییانەیە کە خەریکە بەپێی مێژووە دوورو درێژەکەی لەلای مرۆڤ دەگاتە ئاستی غەریزەکان. بەڵام باسکردن و لێدوانی ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی بواری زانیارییەکان و ئاسانی دەستتێوەردان لە ژیانی خەڵکی ترو کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە بارەیانەوە و شاردنەوەو بەکارەێنانی لەکاتی پێویستدا، رووی لە زیادبوون کردووە.

روونیشەکە کۆمەڵگای شەفافییەت رۆژ بەرۆژ زەمینەیەکی تازە وەخۆدەگرێ، ئەویش بە پێی ئەو بۆچوونە بەهێزەی ئێستا لە زۆربەی نێوەندەکاندا باوە، کە دابینکردنی زانیارییە بۆ هەمووان بەبێ هیچ کۆت و بەندێك و ئاسانکاری بۆ بەدەست هێنانیان بە هەموو شێوەو رێگایەك،ئەمەش بەدوور نییە لەو پرۆسانەی چاودێری کە دەستەڵاتە فەرمییەکان و هەندێك دەزگای گشتی پێ هەڵدەستن لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی.. کەواتە لێرەدا پاراستنی مافە تایبەتییەکانی تاك، دەکەوێتە خانەی جۆرە خۆپەرستیەك کە ئارەزووەکانی پتەوکردن و

سەربەخۆیی تاکی لە پەنادا شاردراوەتەوە، شەفافیەتیش لە دوایدا بەدەست هەڵگرتن لە بەشێك لە ئازادییە کەسییەکان و ملکەچ بوون بۆ هێزو دەسەڵاتی کەسانی تر لە قەڵەم دەدرێ. بەهەرحاڵ دەکرێ شەفافیەت شێوازێك بێت بۆ وەدەست هێنانی ئەو زانیاری و داتایانەی کە کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەراگرتن زامنتر دەکەن. بەڵام لە بەرامبەردا بێگومان لایەنێکی باشیشی هەیە چونکە یارمەتیدەرە بۆ بەدواداچوونی لادەران و لە هەمان کاتدا بە دواداچوونی چالاکییەکانی دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت و ئاستی چالاکیان و راستگۆیی لێپرسراوان، بەڵام هەرگیز لایەنە باشەکە لەگەڵ زیانانە بەراورد ناکرێ کە پتر لەو بنەما یاسایی و ئەخلاقیانە دەکەوێ کە ژیانی تاك و کۆمەڵگا رێك دەخەن. لەبەرئەوەی ئەو چاودێرییەی لە پشت دروشمی شەفافیەتدا شاردراوەتەوەو بوار بەدەوڵەت دەدا مافی دەست تێوەردانی لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکدا هەبێ ئەوە هەر لە خۆیدا تۆوی کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوە، زەوت کردنی ئازادییە کەسییەکان و سڕینەوەی ناسنامەی تاکی، لە خۆ گرتووە. واپێدەچێ ئەوە ئەو ئاڕاستە گشتییە بێ کە جیهان پیادا دەڕوا، بە دیموکراتیەتە گەورەکانیشەوە کە راستەوخۆ پەنادەبەنە بەر ئامرازە جیاجیاکانی چاودێی کردن تا بەناوی بەرگری لە دیموکراسی کوچکەکانی دەسەڵات پتەو بکەن و بەرهەڵستکاران لەناو بەرن. بەڵام لە دوای ئەوانەو سەرووی هەموو ئەو گرفتانەوە کێشەی چاودێری کردنی تاکەکان دێت لە نێوان خۆیانەوە جا بە ئارەزووی شت زانین بێت یا کۆنتڕۆڵ کردن و رق هەڵسانی بەرامبەر، گشت ئەمانەش کۆت و بەند دەخەنە سەر ئازادییەکانی تاك کەوا هەست دەکا بەدرێژایی کات چەندین (برا گەورەوە) چاودێری دەکەن و راوەدوو دەنرێ، نەوەك یەك (برا گەورە) هەروەك (جۆرج ئۆروێل) لە ساڵی ١٩٤٨ لە رۆمانی (١٩٨٤)دا پێشبینی کردبوو.

ئەو بارودۆخەی ئالۆزییەکەی سنووری هەموو بۆچوونەکانی ئەوکاتەی - ئۆروێل- ی تێپەڕاندووە، شتێکی تر بەبیر هەندێك لە هزرڤانانی دەرەوە دەهێنێتەوە، ئەویش تێڕوانینەکانی هزرڤان و فەیلەسووف و چاککاری کۆمەڵایەتی بەریتانی - جێرمی پنتام- بوو لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا کە دواتر بە (بانۆ بنتیکۆن PanopticonŒ) ناسرا کە زاراوەیەکی بەرەچەڵەك یۆنانی بوو، واتا چاودێری گشتی - و لە ئەدەبیاتی یۆنانیدا وێناندنی گرتووخانەیەکە لە ژێر چاودێری و پشکنینی وردی ئەو گەورە زیندانوانەی چەندین چاوی لە تەنیشتەکانی سەرییەوە هەبووە، نەوەك هەر لە پێشەوە، بەڵکو لەیەك کاتدا دەتوانی چوار دەوری بخاتە ژێر چاودێری، بۆیە هەرگیز لە هیچ شت و رووداوێکی ئاو گرتووخانەکە بێ ئاگا نەدەبوو، ئەمەش زۆر لە چاودێری ئەلیکترۆی دەچێت کە کۆمەڵگا ئەمڕۆ تیایدا دەژی و لە داهاتووشدا توندوتۆڵترو گشتگیرتر دەبێ. فەیلەسووفی فەرەنسیش ئەو بیرۆکەیەی (پنتام) و لێکۆڵینەوە گەورەکەی خواستووە کە لە بارەی گرتووخانە ئامادەی کردبوو، هەروەها ئەوانەی گرینگی بەکاریگەری لاوەکییەکانی کۆمپیوتەرو شۆرشی زانیارییەکان دەدەن، ئەو شتانەیان لەم وێنەیەدا دۆزیوەتەوە تا ببنە نموونەیەك بۆ ئەو رووداوانەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگادا لە بەرچاونن یا لە داهاتوودا روودەدەن.

## کۆمەڵگای چاودێری

هەروەك (دیڤید لیون) لەو کتێبە بەنرخەدا ئاماژەی پێکردووە کە ساڵی ١٩٩٤ بەناونیشان - چاوی ئەلیکترۆنی و دروست بوونی کۆمەڵگای چاودێری) لە ئەمەریکا بلاوکرایەوە. وێنە پانۆبتیکون شوێنی (برا گەورەی) گرتۆتەوە، چونکە زیاتر لە واقیع و راستییەوە نزیکە، یا ئەوەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئاکامی شۆڕشی زانیارییەکان و بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەتی کۆمپیوتەر لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بەرەو رووی دەچێ، ئەو ئامێرەی کە توانای کۆکردنەوەی زۆرترین بڕی زانیارییان لە هەموو جۆرە چالاکییەکاندا، سەرەڕای وردەکاری ژیانی تایبەتی کەسەکان و عەمبارکردنیان و گێڕانەوەیان لەکاتی پێویستدا. کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەش بۆ سوود لێوەرگتن خۆی لە خۆیدا کۆمەڵگای چاودێری، دروست دەکا، لە هەمانکاتدا بواری ئەوە دەرەخسێنێ زۆربەی ئەو لایەنانە ئاشکرا بکرێن کە - تاك - دەیەوێ بیان شارێتەوە. بۆیە ئەو زانیاریانە بەشداری بونیات نانەوەی ئەو کۆمەڵگای شەفافیەتە دەکەن کە سەرجەم بەهاکانی تایبەتمەندی تاکی تیا دەڕووخێ.

کەواتە کۆمەڵگای سبەی کۆمەڵگایەکی - پانتۆبتیکۆنی- یاخود کۆمەڵگای گرتووخانەیەکی گەورەیە کە هەموو شتێك هەرچەندە وردو بچووك بێت دەکەوێتە ژێر چاودێری، بەدواداچوون و کۆنترۆڵ کردن. هەروەها ئەو کۆمەڵگای شەفافیەتە کە بەتەواوەتی هەموو تایبەتمەندییەکانی تاکی تیا بزر دەبێ و تایبەتمەندییەکان و بەهاکانی کەسایەتی دەکەونە بەرچاوان و بەرووتی دەکەونە بەر چاوی هەموو خەڵك.

ریشەکێش کردنی تایبەتمەندییەکانیش لەو کۆمەڵگایە مانای لە ناوبردنی خودی تاك و لەکەدارکردنی سەروەریەکەیەتی. سەرەڕای ئەو دروشمانەی کۆمەڵگای ئایندە بۆ داکۆکی کردن لە سەروەری و بەرز راگرتنی ناو و پلەو پایەی ئادەمیزاد بەرزی دەکاتەوە ئەمە زەقترین خەسڵەتەکانییەتی. بیرۆکەی (پنتام)یش سەبارەت بە (پانۆ بتیکیەکان ئەوە بوو کەوا مەبەست لە چاودێری گشتگیرو توندوتۆڵ، نەك هەر سنوری ئیمزاکردن لەسەر سزا جەستەییەکان دەبەزێنێ کە یاسا کار پێکراوەکانی ناو گرتووخانە دەیسەپێنن، بەڵکو دەگاتە ئاستی دەستەمۆکردنی رەفتاری گیراوەکان، لەرێگای پەخش و بلاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە دەروونیاندا، و ئاگادارکردنەوەیان کەوا ئەوان هەمیشە و بەبەردەوامی لە ژێر چاودێری دان.

ئەو هەستکردنە بۆ ئەوە بەسە ئەمانە چیتر متمانە کردن بەخۆیان بەتەواوی لە دەست بدەن و هەموو ئەو ئیرادەیە بدۆڕێنن. بەمجۆرەش ئە چاودێرییە گشتییە دوا ئامانج و مەبەستی خۆی دەپێکێ ئەویش سەپاندنی بەرزەفت کردنی کۆمەڵایەتییە. لە نێو کۆمەڵگای گرتووخانەدا. بەبێ ئەوەی پێویست بکات توندوتیژی فیزیکی بەکاربهێنرێ.

هەر ئەمەشە کە بەتەواوەتی لە ئایندەدا لەلایەن شۆڕشی زانیارییەکان لەناو کۆمەڵگای نیشتمانی یا کۆمەڵگای نەتەوەی گەورە یاخود لەسەر ئاستی جیهاندا بەگشتی دێتە دی و ئەنجام دەدرێ...

---

* سەرچاوە: گۆڤاری العربی ژ ٥٣٨ مانگی ئەیلولی ٢٠٠٣